# شەو نوێژی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە ڕەمەزاندا

[ كردي – کوردی – kurdish ]


ئومێد عمر چرۆستانی



پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# قيام النبي صلى الله عليه وسلم في رمضان

« باللغة الكردية »


أوميد عمر جروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# شەو نوێژی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە ڕەمەزاندا

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت وهاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اتَّخَذَ حُجْرَةً، قَالَ: حَسِبْتُ أَنَّهُ قَالَ" :مِنْ حَصِيرٍ فِي رَمَضَانَ فَصَلَّى فِيهَا لَيَالِيَ، فَصَلَّى بِصَلَاتِهِ نَاسٌ مِنْ أَصْحَابِهِ، فَلَمَّا عَلِمَ بِهِمْ جَعَلَ يَقْعُدُ فَخَرَجَ إِلَيْهِمْ "فَقَالَ: قَدْ عَرَفْتُ الَّذِي رَأَيْتُ مِنْ صَنِيعِكُمْ فَصَلُّوا أَيُّهَا النَّاسُ فِي بُيُوتِكُمْ، فَإِنَّ أَفْضَلَ الصَّلَاةِ صَلَاةُ الْمَرْءِ فِي بَيْتِهِ إِلَّا الْمَكْتُوبَةَ [ رواه البخاري ] واتا : زەیدی کوڕی ثابت ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەمانگی ڕەمەزاندا ژورێکی بچوکی دروست کردبوو، واو دەزانی لە حەسیر دروست کرابوو، چەند ڕۆژێك نوێژی تێدا کرد، هەندێکیش لەهاوەڵانی نوێژیان لەگەڵ دەکرد ( بەبێ ئەوەی بزانێت ) جا کاتێك پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) زانی دانیشت، پاشان

چوو بۆلایان، وپێی فەرموون : زانیم ئەمە ئیشی خۆتانە، لەبەر ئەوە ئەی خەڵكینە لەماڵەكانی خۆتان نوێژەكانتان بكەن ( مەبەستی شەو نوێژ بووە ) چونكە بەڕاستی باشترین نوێژێك ئەو نوێژەیە كە ئەو كەسە نوێژەكانی لەماڵی خۆیدا بكات، نوێژە فەرزەكان نەبێت .

كەواتە ئەی برای بەرێزم، ڕۆژوەوانی بەرێز، ئەو كەسەی كە خۆت یەك لای كردوەتەوە كە لەم مانگی ڕەمەزانەدا بۆ خوای گەورە بژیت :

**یەكەم** : گرنگیەكی زۆر بدە بەم مانگە پیرۆزە، با كاتێك خەریكی تەراویح كردن و شەو نوێژیت باوەڕت بەوە هەبێت كە سونەتێكی گەورەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) زیندوو دەكەیتەوە، لە هەمان كاتدا چاوەڕیی ئەوەش بكە خوای گەورە پاداشتێكی گەورەت بداتەوە لەسەر ئەو كارەت، بۆ ئەوەی بكەویتە بەر ئەو موژدەیەی كە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لە بارەیەوە فەرموویەتی : « من قام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما قدم من ذنبه » [ رواه البخاري ] .واتا : هەر كەسێك نوێژە كانی تەروایح و شەو نوێژی ڕەمەزان زیندوو بكاتەوە، وباوەڕی پێی هەبێت و چاوەڕوانی پاداشت وئەجریش بێت لای خوای گەورە، ئەوە پەروەردگار لە تاوانەكانی پێشووتری هەموو خۆش دەبێت .

**دووەم** : ئەوە بزانە نوێژی تەراویح و شەو نوێژی ئەم مانگە نە فەرزە و نە واجبە، بەڵام سوننەتە وپاداشتێکی گەورەی هەیە لای خوای گەورە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) گێڕاویەتیەوە، کە دەڵێت: كان رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) يرغب في قيام رمضان من غير أن يأمرهم فيه بعزيمة، فيقول : « من قام رمضان إيمانا و احتسابا غفر له ما قدم من ذنبه » فتوفي رسول الله والأمر على ذلك، ثم كان الأمر على ذلك في خلافة أبي بكر، وصدرا من خلافة عمر على ذلك [ رواه مسلم ] واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) حەزی لە شەو نویژی مانگی ڕەمەزان دەکرد و ئەنجامی دەدا، بەبێ ئەوەی فەرمان بەکەس بکات کە ئەم کارە ئەنجام بدەن، و دەیفەرموو : هەر کەسێك نوێژە کانی تەراویح و شەو نوێژی ڕەمەزان زیندوو بکاتەوە، وباوەڕی پێی هەبێت و چاوەڕوانی پاداشت وئەجریش بێت لای خوای گەورە، ئەوە پەروەردگار لە تاوانەکانی پێشووتری هەموو خۆش دەبێت، پێغەمبەری خوا وەفاتی کرد، شەو نوێژی رەمەزان هەر بەم شێوەیە بوو، پاشان لەسەردەمی ئەبو بەکریشدا هەر وابوو، هەروەها بەم شێوەیە مایەوە لەسەرەتای خیلافەتی عومەریشدا .

بەڵام پاشان عومەر کە بینی خەڵکی هەر یەکە و بۆ خۆی لە مزگەوت نوێژ دەکات خەڵکی کۆکردەوە وکەسێکی کرد بە

ئیمامیان بۆ ئەوەی بە کۆمەڵ نوێژ بکەن، ئیتر لەو ڕۆژەوە تا ئێستا موسڵمانان لە هەموو چەرخ وسەردەمێکدا نویژی تەراویحیان بە کۆمەڵ کردووە لە مزگەوتەکاندا .

**سێهەم** : ئەگەر نوێژی تەراویحت کرد بە کۆمەڵ لە مزگەوت نوێژەکەت لە گەڵ ئیمامەکەدا تەواو بکە، و مزگەوت بەجێ مەهێڵە تاوەکو ئەو لە نوێژەکەی دەبێتەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : « إن الرجل إذا صلى مع الإمام حتى ينصرف حسب له قيام ليلة » [ رواه أبو داود والنسائي والترمذي] واتا : ئەگەر کەسێك لەگەڵ ئیمامی مزگەوت نوێژی ( تەراویحی ) بە کۆمەڵ کرد و لە مزگەوت دەرنەچوو تاوەکو ئیمامی مزگەوت نوێژەکەی تەواو کرد و دەرچوو، ئەوا ئەو شەوەی هەموو بە شو نوێژ بۆ دەنوسرێت .

**چوارەم** : ئەگەر لەمزگەوتێك نوێژی تەراویحت کرد لەگەڵ ئیمامەکەدا بەردەوام بە لە نوێژەکەت تەنانەت ئەگەر زیاتر لە یازدە ڕکاتیشی کرد، چونکە شەو نوێژکردن ژمارەیەکی دیاریکراوی نییە تاوەکو بڵێیت دروست نییە، ئەمجا هەوڵبدە لەداوی ئیمامێکەوە سەرجەم نوێژەکان و نوێژی تەروایحیش بکەیت کە شارەزا بێت لە سوونەتی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ ئەوەی نوێژەکەت وەك نوێژی پێغەمبەری

ئازیزمان بێت، خۆ ئەگەر دەنگیشی خۆش بوو، هەوڵبدە خشوعت هەبێت و لەگەڵ ئەو ئایەتانەدا بژی کە دەیخوێنێت، جابری کوڕی عەبدوڵڵا ( خوای لێ ڕازی بێت ) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : « إن من أحسن الناس صوتا بالقران الذي إذا سمعتموه يقرأ حسبتموه يخشى الله » [ رواه ابن ماجه ] واتا : باشترین کەسێك کە دەنگی خۆش بێت لە قورئان خوێندندا ئەو کەسەیە کە ئەگەر گوێ بیستیان بوون هەست بکەیت کە لەخوا دەترسێت .

**پێنجەم** : ئەگەر نوێژی تەراویحت کرد نوێژێکی ڕێکوپێك و جوان بکە، و درێژەی پێ بدە، یان لەپشت ئیمامێکەوە نوێژ بکە کە نوێژێکی ڕێك وپێك و درێژ دەکات، ئەویش بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە ئەبو سەلەمەی کوڕ عبدالرحمن لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانی پرسی ئایا نوێژی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە مانگی ڕەمەزاندا چۆن بووە ؟ لەوەڵامدا ووتی : « ماكان رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) يزيد في رمضان ولا في غيره على احدى عشر ركعة، يصلي أربعا، فلا تسل عن حسنهن وطولهن، ثم يصلي أربعا، فلا تسل عن حسنهن وطولهن، ثم يصلي ثلاثا، قالت عائشة : فقلت يا رسول الله أتنام قبل أن توتر ؟ فقال : إن عيني تنامان ولا ينام قلبي » [ رواه الشيخان ] واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه

وسلم ) لە ڕەمەزان و غەیر ڕەمەزانیشدا لە یازدە ڕکات زیاتر شەو نوێژی نەکردووە، چوار ڕکاتی دەکرد، مەپرسە لەجوانی و درێژی ئەو نوێژکردنەی، پاشان چوار ڕکاتی تری دەکرد، هەر مەپرسە چەند جوان وڕێك وپێك ودرێژ بوون، پاشان سێ ڕکاتی دەکرد، عائیشە دەڵێت : ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ئایا پێش ئەوەی نوێژە ووترەکەت بکەیت دەخەویت ؟ لەوەڵامدا فەرمووی: ئەی عائیشە من چاوەکانم دەخەون بەڵام دڵم ناخەوێت .

جابریش دەگێڕێتەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) کە پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) « أي الصلاة أفضل ؟ قال طول القنوت » [ رواە مسلم ] واتا : چی نوێژێك زۆر باشە ؟ لەوەڵامدا فەرمووی : ئەو نوێژەی کە درێژ بێت و زۆر بمێنێیتەوە .

**شەشەم** : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) ئەگەر نوێژی بکردایە هەتاوەکو نزیکی سپێدەی بەیانی نوێژەکەی درێژ دەکردەوە، بۆیە جەنابیشت تووشی مەلەل و بێ تاقەتی مەبە، وهەوڵ بدە نوێژەکەت وەك نوێژی ئەو پێشەوا ئازیزە بێت، و لەگەڵ ئەو ئیمامەدا بەردەوام بە کە نوێژەکەت لەگەڵ کردووە و نوێژی درێژە، ئەبو ذەر ( خوای لێ ڕازی بێت ) ئەم فەرموودەیە دەگێڕێتەوە ودەڵێت : « صُمْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَمَضَانَ ، فَلَمْ يَقُمْ بِنَا شَيْئًا مِنَ السَّهَرِ حَتَّى بَقِيَ سَبْعٌ ، فَقَامَ بِنَا حَتَّى ذَهَبَ ثُلُثُ اللَّيْلِ ، فَلَمَّا كَانَتِ السَّادِسَةُ لَمْ يَقُمْ بِنَا ، فَلَمَّا كَانَتِ الْخَامِسَةُ قَامَ بِنَا حَتَّى ذَهَبَ شَطْرُ اللَّيْلِ . فَقُلْت : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، لَوْ نَفَّلْتنَا قِيَامَ هَذِهِ اللَّيْلَةِ، فَقَالَ : إنَّ الرَّجُلَ إذَا صَلَّى مَعَ الإِمَامِ حَتَّى يَنْصَرِفَ حُسِبَتْ لَهُ قِيَامَ لَيْلَةٍ، فَلَمَّا كَانَتِ الرَّابِعَةُ لَمْ يَقُمْ بِنَا، فَلَمَّا كَانَتِ الثَّالِثَةُ جَمَعَ أَهْلَهُ وَالنَّاسَ فَقَامَ بِنَا حَتَّى خَشِينَا أَنْ يَفُوتَنَا الْفَلاحُ، قَالَ الرَّاوِي : قُلْت : وَمَا الْفَلاحُ ؟ قَالَ : السَّحُورُ، ثُمَّ لَمْ يَقُمْ بِنَا بَقِيَّةَ الشَّهْرِ » [ رواه أبو داود ] واتا : لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانمان گرت، وهیچ شەوێك جگە لە نوێژی فەرزی (عیشا ) نوێژی تری بۆ نەدەکردین، تاوەکو تەنها هەفتەیەکی مابوو لە ڕەمەزان، واتا لەشەوی بیست وسێ وە دەستی کرد بە شەو نوێژ کردن بۆمان تاوەکو سێ یەکی شەو ڕۆیشت، ئەمجا لەشەوی بیست چواردا شەونوێژی بۆ نەکردین بە کۆمەڵ، بەڵام لەشەوی بیست وپێنجدا جارێکی تر شەو نوێژی بۆ کردینەوە تاوەکو نیوەی شەو ڕۆیشت، ئەمجا ئەبو ذەر دەڵێت : ووتم ئەی پێغەمبەری خوا خۆزگە ئەمشەو هەموویت دەکرد بە شەو نوێژ بۆمان، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : هەر کەسێك لەگەڵ ئیمامدا نوێژی کرد تا ئەو کاتەی ئیمام لێ دەبێتەوە و دەڕوات، ئەوە ئەو شەوە هەمووی بە شەو نوێژ بۆ دەنوسرێت، ئەمجا لەشەوی بیست وشەشدا نوێژی بۆ نەکردین،

بەڵام جارێکی تر شەوی بیست حەوت خێزانەکانی و خەڵکی کۆکردەوە و هێندە شەو نوێژەکەی بۆ درێژ کردینەوە ترساین فریای ( فەلاح ) نەکەوین، ڕاوی فەرموودەکە دەڵێت ووتم مەبەست لە ( فەلاح ) چیە ؟ ووتی مەبەست لە ( فەلاح ) پارشێوکردنە، ئەمجا ئەبو ذەر دەڵێت ئیتر شەوانی تری ڕەمەزان شەو نوێژی بۆ نەکردین .

باشتر وخێرتر وایە کە شەو نوێژ وو ڕکات دوو ڕکات بێت، و پاشان کۆتاییش بە نوێژی ویتر بهێنە، ئەویش بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : پیاوێك لە بارەی شەو نوێژەوە لە پێغەمبەری خوای پرسی ( صلى الله عليه وسلم ) لەوەڵامدا فەرمووی : « صلاة الليل مثى مثنى، فإذا خشي أحدكم الصبح، صلى ركعة واحدة توتر له ما قد صلى » [ رواه الشيخان ] واتا : شەو نوێژ دوو ڕکات دووڕکاتەە ئەگەر کەسێك ترسا لەوەی نوێژی بەیانی لەکیس بچێت، ئەوا با لە کۆتاییەوە نوێژی ویتر بکات بۆ نوێژەکانی .

خوای گەورە لە گوناهی هەمووان خۆش بێت